# دواڕۆژ

19.06.06

**کنێر حەسەن خانم**



دوای مەرگی پلان شێتی وەک لافاوی
دوای بارانی بیابان
ئەڕژێتە نێو قەرشەکانی سارای وشک و
پڕیان ئەکات لە قوڕاو
قوڕاوێک لەوێوە ئەخزێتە نێو لۆچەکانی ژیان
هەورێک دروست ئەکات
بارانی قاوەیی بەرهەم دێنێ
تا بەرەوهە ورەکانی ئاسمان سەرکەون
ئەم جارە باران لە زەویەوە بەرەو ئاسمان ئەچێ
مە بەست... دابارینە بەسەر هەور
بارانی قوڕاوی زمانێکی تایبەتی ئەوێ
ئازارێکی تایبەت
شێتیەکی تایبەت
ڕوخسارێکی تایبەت
بۆ سەر کەوتن بۆ دروست بوون و خاڵی بوونەوە لە ژیان
ئەم بارانە ڕەشە
دلۆپ دلۆپ سەرئەکەوێ
بەسەر ئەم قەبارەیەی
ئاسمانی خۆڵەمێشی کردوە
لەوێ دوای بینینی خۆرێکی سووتێنەر
کوێر ئەبێ ....
دواتر دەنگی لە دەست ئەدا
لە دوا ساتا ڕاستیەک لێی ئەبێ بە شەقامێکی خامۆش
شەقامێک لەو کوێرترو بێ دەنگ تر
وەک ئەم ڕێگایانەی ڕێبوارە تەنهاکان ون ئەکەن
ڕاپێچیان ئەکەن بەرەو ئەم ئێوارانەی لە ڕۆژ یاخی ئەبن و
نامەی شەو لە دڵە خەمبارەکانیان ئەپەرستن

ئا تەواو لەم ڕێگایانە ئەکەن کە دۆزینەوەیان.. ون بوونە... وون بوون.......
لە شێوەی تووشبوون بە کوشندەترین پەتا
لە هاژەی سەر کەوتنی تاڤگە لە هەورازی سە ختی چیا دەرئەکەون

لە دوا ساتی کوێر بوون و
خنکانی وشە لە نێو ئەم ئاوازانەی قورگ ئەیانکا بە پەیڤین
بێ دۆزینەوەی کلیلی دەروازەی دوان
بێ سەردانی ژوورە خاڵیەکانی مەبدەئێکی تۆز لێ نیشتوو
شۆک بەر ئەبێتە ڕۆحی
ئەگەڕێتەوە
ناتوانێ بەم قەبارە خەمە بڵێ
چیت لە دوا رۆژ دەوێ
ئەگەڕیتەوە خۆی و ڕوخساری مردوێک
ئەگەریێتەوە خۆی و تەرمی هیوایەک کە تا هەتایە
ناینێژێ!!..........